# چۆنیەتی خۆتۆمارکردن لای پزیشکی گشتی و ناونووسین بۆ کوتان

## لە ١٢ هەنگاوی سادەدا


کوردی / KURDISH

## چۆن دەتوانی کوتانی کۆڤید-١٩ بەدەست بهێنیت؟




**1.**

ئەگەر تۆ ژمارەی دەزگای تەندروستیی نیشتمانیت هەیە، و لای پزیشکی گشتی تۆمارکراویت، ئەوا دەتوانیت پێشتر ڕێکەوتی کوتانی خۆت حیجز بکەیت.




**2.**

ژمارەی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی خۆت لەبیر نییە؟ ئەوە دەکرێ لەسەر ڕەچەتەکانت، لەسەر نامەکانی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی یان لە کاربەرنامەی NHS ببینرێت.




**3.**

تۆ هەروەها دەتوانی بۆی بگەڕێیت بە نووسینی ناوت، ڕێکەوتی لەدایکبوون و کۆدی پۆستەی خۆت لەسەر ماڵپەڕی NHS.

nhs.uk/nhs-services/online-services/find-nhs-number/


## چۆن ناو دەنووسی بۆ کوتان؟




**1.**

لە ڕێگای سەردانکردنی ماڵپەڕی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی، لە ڕێگای پەیوەندیکردن بە هێڵی یارمەتی بە ١١٩ یان لە ڕێگای پەیوەندیکردن بە نووسینگەی پزیشکی گشتیی خۆت.

nhs.uk/conditions/coronavirus-covid-19/coronavirus-vaccination/book-coronavirus-vaccination/



**2.**

تکایە بیرت بێت کە تەنها دوای دوو ژەمە پێکوتە تۆ زۆرترین بەرگری وەردەگریت، بۆیە تکایە ناوی خۆت بۆ هەردوو سەردانەکە بنووسە لە هەمان کاتدا.



**3.**

چی ڕوو دەدات ئەگەر پشکنینی تۆ بۆ کۆڤید-١٩ پۆزەتیڤ بوو؟ لەم حاڵەتەدا، تکایە ٤ هەفتە چاوەڕێ بکە لەو ڕێکەوتەی کە پشکنینەکەت ئەنجام داوە بەر لە ناونووسین بۆ سەردان.

# ژمارەی دەزگای تەندروستیی نیشتمانیت نییە؟




## 1.

تۆ دەتوانی ژمارەیەکی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی بە یارمەتی پزیشکی خێزانیت– کە ناسراویشە بە پزیشکی گستی (GP) وەربگری.
چۆن نزیکترین پزیشکی گشتی دەدۆزیتەوە؟
بە بەکارهێنانی ئامرازی گەڕان لەسەر ماڵپەڕی NHS.

[nhs.uk/service-search/find-a-GP](nhs.uk/service-search/find-a-GP)



## 2.

هەرکاتێک دۆزیتەوە، ناوی خۆت تۆمار بکە لای نووسینگەی پزیشکی گشتی بە بێبەرامبەر. بە ڕێگای هەریەکە لە پەیوەندیکردن بە نووسینگەی پزیشکی گشتیی خۆجێی خۆت یان سەردانکردنی ماڵپەڕەکەیان.

[nhs.uk/nhs-services/gps/how-to-register-with-a-gp-surgery/](nhs.uk/nhs-services/gps/how-to-register-with-a-gp-surgery/)




## 3.

تۆ پێویستت بە هیچ بەڵگەیەکی ناونیشان یان دۆخی کۆچبەری، ناسنامە یان ژمارەی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی نییە بۆ تۆمارکردن. زانیاریی تۆ بە پۆلیس یان ئەفسەرانی کۆچبەری نادرێت.




## 4.

ئایا تۆ هێشتاش پێویستیت بە یارمەتییە بۆ تۆمارکردن لای پزیشکی گشتی؟ تەنها ئەم کارتانەی دەستگەیشتن بە پزیشکی گشتی چاپ بکە یان دابەزێنە لەسەر ئامێرەکەت لە ماڵپەڕی پزیشکانی جیهان (Doctors of the World) بۆ نیشاندانی مافی خۆت تا تۆمار بکرێیت.

[doctorsoftheworld.org.uk/gp-access-cards/](doctorsoftheworld.org.uk/gp-access-cards/)



## 5.

داواکاریی تۆمارکردنی تۆ ڕەت کراوەتەوە؟ هەمیشە بیرت بێت کە هەموو نەخۆشەکان لە ئینگلتەرا دەتوانن پەیوەندی بە پزیشکانی جیهان یان دەزگای تەندروستیی نیشتمانی ئینگلتەرا بکەن بۆ یارمەتی.

**DOTW**
**0808 1647 686**

**NHS ENGLAND**
**0300 311 2233**



## 6.

هەرکاتێک تۆ لای پزیشکی گشتی خۆت تۆمار کرد و ژمارەی دەزگای تەندروستیی نیشتمانیی خۆت بە پۆستە وەرگرت، تۆ دەتوانی سەردانی خۆت حیجز بکەیت.

DOCTORS OF THE WORLD

In association with

BritishRedCross